كۆماری عێراق
هەرێمی كوردستان
سەرۆك

جمهورية العراق
اقليم كوردستان
الرئيس

## فەرمانی هەرێمی
## ژمارە ( ١٥ ) ساڵی ٢٠٠٨

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان–عێراق ژمارە (١) ساڵی ٢٠٠٥ ی هەمواركراودا و لە ڕۆشنایی برگەكانی یاسای ئاڵای هەرێمی كوردستان ژمارە (١٤) ساڵی ١٩٩٩ و دوای ئەو گۆڕانكارییەی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق كردویەتی بە یاسای ژمارە (٩) ساڵی ٢٠٠٨ لە یاسای ئاڵای عێراقی ژمارە(٣٣) ساڵی ١٩٨٦ و یاسای ئاڵای عێراقی ژمارە (٦) ساڵی ١٩٩١ی هەمواركراو ، دەربارەی لابردنی ئەو هێمایەنەی ئاماژەیان بۆ ڕژێمی پێشوو دەكرد ، و پەسەندكردنی یاساكە لەلایەن ئەنجوومەنی سەرۆكایەتی عێراقەوە لە ٢٠٠٨/١/٢٩ ، و هەروەها لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان لە ڕۆژی ٢٠٠٨/٢/١٠/ بریارماندا بە :

١– هەڵـكردنی ئـاڵای نوێی عێراقی لە تەك ئــاڵای كـوردستان لـە هەموو ئـەو جێگایانەی كە پێویستە هەڵـبكـرێت بە پێی یـاســا و ڕێنماییە كـارپێكراوەكان لە كوردستاندا.

٢– هەڵـوەشـاندنەوەی بـرگـەی (٥) ی فەرمـانی هەرێمیمان ژمـارە (٦٠) لـــە ٢٠٠٦/٧/٦.

٣– ئـەم فـەرمـانە لـە ڕۆژی دەرچوونییەوە كــاری پێدەكرێت.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆكی هەرێمی كوردستان**

**هەولێر**
**٢٠٠٨/٢/١٠**

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كوردستان
www.mojkurdistan.com